# ڕۆڵی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە بونیادنانی هەستی بەرپرسیارێتیی کەسی لای خوێندکارانی زانکۆ؛

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە نمونە

**أحمد علی حمە**

بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

زانکۆ، وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، ڕۆڵی گرنگ لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەگێڕێت و ڕۆڵی بەرچاوی لە گۆڕانی دابونەریت و بەدەستهێنانی ئاکاری دروستدا هەیە. ئامانجی توێژینەوەکە پێوانەکردنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان و هەستی بەرپرسیاریی خوێندکارانی زانکۆ و زانینی ئاماژەی ئاماری سەبارەت بە ئاستی کارامەیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆیە، بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبون، قۆناغ، هەروەها زانینی ئاماژەی ئاماری سەبارەت بە ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای خوێندکارانی زانکۆ، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبون، قۆناغ و زانینی ئاستی کاریگەریی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەستی بەرپرسیارێتی لای خوێندکارانی زانکۆ. ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە و بە شێوازی پەسنی (وصفی)، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی لە جۆری ڕوپێوی بەنمونە بەکارهێنراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (1992) خوێندکارە، نمونەی توێژینەوەکە ئەگەرییە، (322) خوێندکار بەشێوازی هەڕەمەکی وەرگیراوە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخەن کە کارامەیی کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی لای خوێندکاران لە بارێکی ئەرێنیدایە و لای ڕەگەزی نێر زیاترە بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، لای ئەوانەی لە شارەکان نیشتەجێن زیاترە، وەك لەوانەی لە شارۆچکەکان یان لە گوندەکان نیشتەجێن، بەڵام بە بەرزبونەوەی قۆناغەکانی خوێندن، کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان زیاد دەکات، بەڵام هەستی بەرپرسیارێتی ناگۆڕێت، هەروەها کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر هەستی بەرپرسیارێتی هەیە.

**وشە سەرەکییەکان:** خوێندکار، کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان، هەستی بەرپرسیارێتی، زانکۆ، گەنج.

### 1. پێشەکی[1]

زانکۆ، وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، ڕۆڵی گرنگ لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەگێڕێت و ڕۆڵی بەرچاوی لە گۆڕانی دابونەریت و بەدەستهێنانی ئاکاری دروستدا هەیە ، هەروەها ژیانی خوێندکار لە زانکۆدا، تەواو جیاوازە لە قۆناغەکانی تری خوێندن، بۆیە پێویستە زانکۆ، پشتیوانی چەمکە جیاوازەکان بێت لای خوێندکاران، لەسەرو هەموویانەوە چەمکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە پێویستی بە کارامەیی کۆمەڵایەتییە، وەک بنەمایەک بۆ دارشتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی چەند تەوەرێک لەخۆدەگرێت، وەک: هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، هەستکردن بە ئەرکی ئاکاری و نیشتمانی و بەرپرس دەرکەوتن بەرانبەر بە کۆمەڵگە. هەمو ئەمانە بە گشتی کارامەیی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن، بەڵام لە هەمویان گرنگتر، هەستکردن و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییە، لەپێناو ئاشنابون بە ئاستی کارامەیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ، هەروەها ئاشنابون بە ئاستی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی تاکەکەسی لای خوێندکاران، تا بتوانین لەڕێی ئەم توێژینەوەیەوە، کەموکوڕیی ئەم چەمکانە لەنێو توێژی خوێندکاراندا دەستنیشان بکەین، ئەگەر بەدیکرا، یان بتوانین لەڕێی ئەم توێژینەوەیە ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای خوێندکاران بخەینە بەرباس و گفتوگۆی لەبارەوە بکەین.

#### 1-1 کێشەی توێژینەوە:

بێگومان پڕۆسەی پەروەردە و بەکۆمەڵایەتیکردنی تاك ڕۆلێکی کارا دەگێڕێت لە پڕۆسەی گواستنەوەی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی لە تاکدا، کە دەشێت ئەم کارامەییانە لە دروستکردنی بەرپرسیارێتیی تاك بەرانبەر بە کۆمەڵگە ڕۆڵ ببینن، بەو مانایەی کردەی گواستنەوەی کارامەییەکان و ڕەنگدانەوەی لە تاکدا دولایەنە، کۆمەڵگە لە دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لای تاکەکان ڕۆڵدەگێڕێت، ئەوانیش نمایشی ئەو ڕۆڵە دەکەنەوە لە کۆمەڵگەدا، بۆیە ئەم توێژینەوەیە

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١ تەمووز ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٦ ئەیلول ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٦ شوبات ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: ahmad.ali@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ أحمد علی حمە. گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC 0 BY-NC-ND 4.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp123-133

هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە (كارامەیی كۆمەڵایەتی لای خوێندكارانی زانكۆ، تاچەند رۆڵی هەیە لە ئاستی هەستكردن بە بەرپرسیارێتی؟)

### 2-1 گرنگیی توێژینەوە:

بابەتی كارامەییە كۆمەڵایەتییەكان، یەكێكە لە بابەتە گرنگ و سەردەمییەكان، كە دەكرێت بكرێتە كەرەستەی چەندین توێژینەوەی زانستی، بەتایبەت ئەو پەیوەندییەی كە لە نێوان كلتور و نەریتی كۆمەڵایەتی لەلایەك و كارامەیی كۆمەڵایەتی لە لایەكی ترەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئەم توێژینەوەیە لە كایەی تیۆری و پراكتیكیدا گرنگە:

لە كایەی تیۆریدا ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ:

1- خێزان، وەك یەكەیەكی بونیادنەری كارامەییە كۆمەڵایەتییەكان.
2- خوێندكارانی زانكۆ، وەک توێژێكی دیار و خاوەن كاریگەری لە كۆمەڵگەدا، ئەم توێژە لە قۆناغێكی تەمەندان، پێویستی زۆریان بە ئامادەكردنی دروستە، كە لە خۆسەلماندن و بەرزكردنەوەی ئاستی متمانەبەخۆبون هاوكاریان بێت.
3- بۆ رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، تا هەست بە گرنگیی رۆڵی كارامەییە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر هەستی بەرپرسیاری بكەن.
4- بۆ مامۆستایان و فێرخوازان، بۆ تێگەیشتن لە خوێندكار و ناسینەوەی كارامەییەكانیان.

لەكایەی پراكتیكیدا گرنگە چونكە:

1- ئەم توێژینەوەیە لە چەمكی كارامەیی كۆمەڵایەتی و ئاستی بەرپرسیارێتی دەكۆڵێتەوە، كە پایەیەكی گرنگی راگرتنی ئاسایشی كۆمەڵایەتییە، لە كۆمەڵدا.
2- ئەم توێژینەوەیە هاوكارە لە ئاشنابون بە رۆڵی زانكۆ وەک دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی لە كۆمەڵی كوردیدا.
3- هەروەها پێوانەیەكی كاریگەرە بۆ ئاشنابون بە ئاستی گونجاندنی تاک و هاوكاریكردنی، لە هێنانەدیی ئامانجە گشتییەكانی كۆمەڵدا.

### 3-1 ئامانجی توێژینەوە:

1- پێوانەكردنی كارامەییە كۆمەڵایەتییەكان و هەستی بەرپرسیاریی خوێندكارانی زانكۆ.
2- زانینی ئاماژەی ئاماری سەبارەت بە ئاستی كارامەیی كۆمەڵایەتی لای خوێندكارانی زانكۆ، بەپێی گۆڕاوەكانی رەگەز، شوێنی نیشتەجێبون، قۆناغ.
3- زانینی ئاماژەی ئاماری سەبارەت بە ئاستی هەستكردن بە بەرپرسیارێتی لای خوێندكارانی زانكۆ، بەپێی گۆڕاوی رەگەز، شوێنی نیشتەجێبون، قۆناغ.
4- زانینی ئاستی كاریگەریی كارامەییە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر هەستی بەرپرسیارێتی لای خوێندكارانی زانكۆ.

### 4-1 سنوری توێژینەوە:

سنوری كاتی: ساڵی خوێندنی 2023 – 2024.
سنوری شوێنی: زانكۆی سلێمانی.
سنوری مرۆیی: خوێندكارانی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان

### 5-1 پێناسەی چەمكەكان:

1- كارامەیی كۆمەڵایەتی:

چەند كردەیەكی ئاكارییە، وەک وەڵامدانەوەیەكی ئەرێنی و كاردانەوە دەردەكەوێت، لە كاتی بەجێگەیاندنی رۆڵی جۆراوجۆر لە ژینگەی دەرەكیدا، هەروەها لەگەڵ ئەو هەڵوێستە كۆمەڵایەتیانەی تاک روبەڕویان دەبێتەوە گونجاوە، دەبێت كاردانەوەكان لەگەڵ بەها و پێوەرەكانی كۆمەڵگەدا گونجاو بێت. (علی، 2001: 122). هەروەها كۆمەڵێک ئاكارە، تاک فێری دەبێت، لەپێناو هێنانەدیی كۆمەڵێک ئامانجی جۆراوجۆردا، لەپێناو بەدەستهێنانی سەرچاوەی پاڵپشتی لە كاتی هەڵوێستە تاكەكەسیەكاندا، بەكاریان بهێنێت. (أحمد، 2005، ص: 173). یان كارامەیی كۆمەڵایەتی؛ كۆمەڵێک بابەتی ئاكاری و مەعریفییە، تاک، دەرئەنجامی ئەزمونی بەدەستهاتو، لەو هەڵوێست و رووداوانەی پێیاندا تێدەپەڕێت، فێری دەبێت، لەكاتی كارلێكی كۆمەڵایەتی، لەگەڵ رەگەزەكانی تری ژینگەكەیدا و دایاندەمەزرێنێت، لەپێناو پاراستنی خودی خۆی، یان لەكاتی روبەڕوبونەوەی فشاری دەرونی، كە دەرئەنجامی شكستهێنان لەهێنانەدیی هاوسەنگییەكی دروست، لە كاتی كارلێكدا روبەڕوی دەبێتەوە (الانصاری و مورسی، 2007، ص: 37).

پێناسەی توێژەر: تەواوی ئەو ئاكارانەیە، كە تاک، وەک كاردانەوەیەک بەرانبەر رووداوە جۆراوجۆرەكان، دەینوێنێ، لەرێگەیەوە ئاستی گونجاندنی تاک لەگەڵ كۆمەڵگەدا هەڵدەسەنگێنرێت و پێوەرێكە بۆ ئاستی سەركەوتویی یان شكستخواردویی تاک لەنێو كۆمەڵدا.

2- هەستكردن بە بەرپرسیارێتی:

(قاسم، ٢٠٠٨)، پێناسەی دەكات كە "بەرپرسیارێتیی تاكە بەرانبەر بە خۆی و خێزان و هاوڕێكانی و ئایین و نیشتمانەكەی، لە رێگەی تێگەیشتنی لە رۆڵی خۆی لە گەیشتن بە ئامانجەكانی و خەمی كەسانی دیكە، لە رێگەی پەیوەندییە ئەرێنییەكانی و بەشداریكردنی لە چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمەڵگا و گەیشتن بە ئامانجە گشتییەكان (هیضە، 2017: 236). لە لایەكی ترەوە وەک بەرپرسیارێتیی تاكەكەسی بەرانبەر بە كۆمەڵگەكەی پێناسە دەكرێت، بەو مانایەی بەرپرسیارێتی تاكەكەسییە بەرانبەر بە خۆی و ئەو گروپە كۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی و كەسێتیی خۆی تێدا بنیاتناوە، تێیدا تاكەكەس بەرپرسیارە بەرانبەر بە خۆی و كۆمەڵگەكەی، كە رەنگدانەوەی خۆیەتی (دلال، 2022، ص: 347).

پێناسەی توێژەر: حاڵەتێک یان تایبەتمەندییەكە خوێندكار هەستی پێدەكات سەبارەت بە خۆی و ئەوانی تر. ئەم حاڵەتە بەرپرسیارە لە رەفتارەكانی و حەز و ئارەزوی خۆی بۆ خۆی و ئەوانی تر. هەستی بەرپرسیارێتی بە شێوەیەكی رێكارەكان لە كۆی نمرەكەدا دیاری دەكرێت كە تاكەكەسەكە بەدەستی دەهێنێت لەسەر پێوەرەكانی هەستكردن بە بەرپرسیارێتی، كە لە توێژینەوەكەدا بەكارهاتووە.

## 2- چوارچێوەی تیۆری:

كارامەیی كۆمەڵایەتی، پێكهاتەیەكە لە مەعریفە و ئاكاری تاک، بەئامانجی مامەڵەكردن، بەریەككەوتن و كارلێک دادەنرێت لەنێو كۆمەڵگەدا و لەرێگەیەوە رایەڵەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بونیاد دەنرێت. دەرئەنجامی پیادەكردنی ئەو مەعریفە و ئاكارانە، تاک هەڵسەنگاندنی ئەرێنی، یان نەرێنیی كۆمەڵگە بەدەست دێنێت. هەروەها فاكتەرێكی زۆر گرنگە تا لەرێگەیەوە كۆمەڵگە بریاری ئەرێنی، یان نەرێنی لەسەر كەسایەتی و هەڵسوكەوتی ئەو تاكە دەدات (Spencer, 1991, p: 149). لەم سۆنگەیەوە كارامەیی كۆمەڵایەتی پێكهاتەیەكی ئاكاریی گرنگی تاكە، ئاستی سەركەوتویی تاک، لە مامەڵەی رۆژانەی لەگەڵ ئەوانی تری نێو كۆمەڵگە دیاری دەكات. ئەو شێوە مامەڵەیەی نابێتە هۆی ئازاری جەستەیی، یان دەرونی ئەوانی دیكە.

بێگومان مەعریفە و ئاکاری تاک، لەکۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، کەواتە بەپێی سروشت و تایبەتمەندیی کۆمەڵگەکە و سروشتی هەڵوێستوەرگرتن لەسەر ڕوداوەکان، هەروەها شێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتیی نێو کۆمەڵگەکە، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت (Spencer, 1982, p: 25).

### 1-2 پێکهاتەکانی کارامەیی کۆمەڵایەتی:

کارامەیی کۆمەڵایەتی، بە تەواوی پێکهاتە سەرەکی و لاوەکییەکانییەوە، ئاماژەیەکی باوەڕپێکراو و بنەڕەتییە، بۆ پێوانەکردنی ئاستی دروستیی دەروونی تاک. توانای گوزارشتکردنی تاک و ئاستی لێهاتوویی کۆمەڵایەتیی دەخاتەڕو. کارامەیی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی سیستمێکی چونیەک و هاوئاهەنگی چالاکییە، کە تاک، لەپێناو هێنانەدیی ئامانجێکی دیاریکراودا، دەیگرێتەبەر. کاتێک مامەڵە لەگەڵ تاکەکانی تری نێو کۆمەڵگە دەکات، لەبەر گرنگیی کارامەیی کۆمەڵایەتی، چەندین توێژەر و پسپۆڕی ئەم بوارە، پێکهاتەکانی کارامەیی کۆمەڵایەتییان پۆلێن کردووە، بەڵام تەواوی پۆلێنەکان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە کراون، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەم گرنگترین ئەو پۆلێن و گۆشە نیگایانەتان بۆ بخەمەڕو:

1- پێکهێنەرەکان لای (Riggio،1990):

ڕیگیۆ، پێکهاتەکانی کارامەیی کۆمەڵایەتیی پۆلێن کردووە، پێی وایە، کارامەیی کۆمەڵایەتی، کارامەیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش دەبێت، ئەوانیش بریتین لە:

أ- کارامەیی ناردن: واتە توانای گوزارشتکردن، ئاماژەیە بۆ کارامەیی پەیوندیکردنی تاک، واتە کارامەیی لە ناردن و گەیاندنی پەیامەکانی، بە تاکەکانی تری کۆمەڵ.

ب- کارامەیی وەرگرتن: ئەم کارامەییە، بە هەستیارییش دەناسرێت، گوزارشتە لە کارامەیی لێکدانەوە و شیکردنەوەی پەیام، یان گوزارشت و دەربڕینەکانی تاک لە کاتی پەیوەندیی بەوانی ترەوە (Riggio,1990, p:126).

ج- کارامەیی کۆنترۆڵکردن، دیسپلین و ڕێکخستن: گوزارشتە، لەکارامەیی ڕێکخستنی تاک، لە پرۆسەی کارلێک و پەیوەندی لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.(سلامە، 1993، ل:31)

لەم دابەشکردنەی ڕیگیۆدا، دو بواری ئاکاریمان بۆ دەردەکەوێت؛ ئەوانیش بریتین لە:
- بواری کۆمەڵایەتی، تایبەت بە پەیوەندیی زارەکی بەوانی دیکەوە.
- بواری هەڵچون و کاردانەوە، تایبەتە بە پەیوەندیی نازارەکی بەوانی ترەوە. (الکناني، 1992، ل:141-165).

2- پیلاک پێکهاتەکانی کارامەیی کۆمەڵایەتی، پۆلێن دەکەن بۆ سێ پێکهاتەی سەرەکی، ئەوانیش بریتین لە:

أ- کارامەیی درکپێکردنی کۆمەڵایەتی: ئەو تاکەی کارامەیی درکپێکردنی کۆمەڵایەتیی هەیە، ئەو تاکەیە، دەزانێت کەی و لەکوێدا و چۆن، کاردانەوەی جیاوازی هەبێت. ئەم درکپێکردنە، ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان، وریابون و پێشبینی لەکاتی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا لەخۆدەگرێت.

ب- کارامەیی گفتوگۆ: ئەو تاکەی کارامەیی گفتوگۆی هەیە، ئەو کەسەیە، کە دەتوانێت دەست بە گفتوگۆ بکات، بەردەوامی پێبدا و کۆتاییشی پێ بهێنێت. کارامەیی بەردەوامیدان بە گفتوگۆ، سێ ڕەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێت: (پرسیارکردن لەبەرانبەر، پێدانی زانیاری بە بەرانبەر، باش گوێگرتن لەبەرانبەر).

ج- کارامەیی جەختکردنەوە: ئەو تاکەی کارامەیی جەختکردنەوەی هەیە، ئەو کەسەیە کە دەتوانێت، ئازادانە گوزارشت لەوە بکات، کە خۆی دەیەوێت. بەشێوەیەکی گشتی کارامەیی جەختکردن، بەسەر دو جۆردا دابەشدەبێت، ئەوانیش بریتین لە:

- کارامەیی جەختکردنەوەی ئەرێنی: هەستی ئەرێنییە بەرانبەر کەسانی دیکە. وەک: کارامەیی دواندنی کەسی بەرانبەر و پێداهەڵدان و بەگرنگ باسکردنی دەستکەوتەکانی. هەروەها هاوسۆزی و بەشداریی ویژدانی لەخۆدەگرێت، لەکاتی ڕوداوە خۆش و ئازاربەخشەکاندا. ئەم جۆرە کارامەییە پاساوهێنانەوەی ئەو ئاکارانەش لەخۆدەگرێت، کە کەسێک دەیگرێتەبەر، کاتێک هەڵە بەرانبەر ئەوانی دیکە دەکات.
- کارامەیی جەختکردنەوەی نەرێنی: هەستی ڕەتکردنەوە، ناڕازیبون و بەرگریکردنە لە خود، وەک: ڕەتکردنەوەی داواکارییەکی نالۆژیکی، مانگرتن و داواکردنی ئاکاریی نوێ، یان گوزارشتکردن لە توڕەیی، دانوستان و ڕێکەوتن لەپێناو گەیشتن بەچارەسەرێک. (الکناني، 1992، ل:141-165).

### 2-2 ئەو تیۆرییانەی ڕاڤەی کارامەیی کۆمەڵایەتی دەکەن:

1- تیۆریی ڕەفتارییەکان: بەشێوەیەکی گشتی بیرمەندانی ئەم تیۆرییە، جەخت لەسەر پرۆسەی فێربون دەکەنەوە، بۆ بەدەستهێنانی ئاکاری کۆمەڵایەتیی گونجاو.
بیرمەندانی ئەم تیۆرییە پێیانوایە ئاکاری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک دابونەریتە، کە تاک فێری دەبێ و بەدەستی دێنێت، لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەسەندندا. بەهەمان شێوە (ڕیجیۆ)ش دوپاتی دەکاتەوە کە کارامەیی کۆمەڵایەتی بۆماوەیی نییە، بەڵکو کارامەییەکی بەدەستهاتووە، لەڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بەدەستی دەهێنین و فێری دەبین (الانصاری و مورسی، 2007، ص: 91).
2- تیۆریی فێربونی کۆمەڵایەتی: ئەم تیۆرییە، بە تیۆریی فێربون بە سەرنجدان و لاساییکردنەوە، یان فێربون بە نمونەبەندی ناودەبرێت، بە تیۆرییەکی تەواوکەر دادەنرێت، لەنێوان هەردو تیۆریی مەعریفی و ئاکاریدا.
ئەلبێرت باندورا، دامەزرێنەری ئەم تیۆرییەیە، ئەو پێیوایە، فێربون بە سەرنجدان، چوار پرۆسەی سەرەکی لەخۆدەگرێت، ئەوانیش، بریتین لە: سەرنجدان، لەبەرکردن، دوبارەکردنەوەی ئاکار و پاڵنەرەکان، پێیوایە ئەمانە پرۆسەیەکی ئۆتۆماتیکی نین، تەنیا پشت بە کۆپیکردنی ئەو ئاکارانە ببەستێت، کە چاودێرییان دەکەین، یان سەرنجیان دەدەین لە هەڵسوکەوت و ئاکاری بەرانبەردا، پاشان لاساییان بکەینەوە؛ بەڵکو پشت بەوە دەبەستێت، کە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، لەنێو کۆمەڵێک کەسدا دەژی، کارلێکیان لەگەڵ دەکات، کاریگەریی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە، بەهەمان شێوە کۆمەڵگەش کاریگەریی دەبێت، لەسەر تاک، بۆیە مرۆڤ لەو کاتەدا، سەرنجی ئاکار، دابونەریت و ئاراستەی تاکەکانی تر دەدات، لەڕێگەی سەرنجدانەوە کار لەسەر فێربونیان دەکات، پاشان تواناکانی بەکاردەهێنێت، بۆ دوبارەکردنەوەی ئەو ئاکارە یان بەشێک لەو ئاکارەی سەرنجیداوە. بۆیە پرۆسەی سەرنجدان لە ئاکاری نمونە، دەبێتە هۆی دوبارەکردنەوەی ئاکاری هاوشێوە، کە کراوەتە نمونە و تاک لە ڕابردودا لە ڕێگەی تێبینیکردن و سەرنجدانەوە، فێری بووە (أحمد، 2005، ص: 122-140).
گرنگترین گریمانەی ئەم تیۆرییە ئەوەیە، زۆربەی ئاکارە مرۆییەکان، لە ڕێگەی تێبینیکردن و سەرنجدانەوە بەدەستهاتون. بۆیە دەکرێت شکست یان کەموکوڕی لە بەجێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە ڕاستبکرێتەوە. (مصطفی، 2005، ص:403)
3- تیۆریی مەعریفی: بیرمەندانی ئەم ئاراستەیە، گریمانەی ئەوە دەکەن، کاردانەوەکان (وەڵامدانەوەکان)، بەشێوەیەکی خودکارانە ڕونادەن؛ بەڵکو دەرئەنجامی زنجیرەیەک پرۆسەی مەعریفین، بەزنجیرەیەک قۆناغی چارەسەریدا تێدەپەڕن، لە کۆتاییدا دەبێتە

هۆی هاوئاهەنگی و دامەزراندنی زانیارییەکان، لەکاتی ڕوودانی ڕوداوە جیاوازەکاندا. بۆیە بیرمەندانی ئەم تیۆرییە گریمانەی ئەوە دەکەن، کە کەموکووڕی لە کارامەیی کۆمەڵایەتیدا، دەرئەنجامی فاکتەری مەعریفییە، وەک پێشبینیکردنی نەرێنی. بەپشتبەستن بەم بنەمایە، مەعریفییەکان گرنگی بە ڕێتمی ئەو زانیاری و مەعریفە و ئەزموونانە دەدەن، کە تاک سەبارەت بە خودی خۆی و ئاکارەکانی بونیادی دەنێت.( فرج، 2003، ص: 259).

4- تیۆری گەشەسەندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی: ئەریکسۆن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، تاک لەڕێگەی هەشت قۆناغی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە، گەشە دەکات. هەروەها دوپاتی دەکاتەوە هەر قۆناغێک لەو قۆناغانە، گرنگی گەشەسەندنی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو ئەرکەش کارەسات نییە؛ بەڵکو خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانکارییە، لە توانا تاکە کەسییەکاندا. ئەریکسۆن پێیوایە، چەندە تاک بەسەر ئەو تەنگژە و کۆسپ و تەگەرانەی ڕوبەڕوی دەبنەوە زاڵبێت ، چەندە بتوانێت چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەوەندە کەسایەتیی گەشەدەکات.( قاسم، 2005، ص:425).

## 3-2 هەستکردن بە بەرپرسیارێتی:

هەستکردن بە بەرپرسیارێتی هەستێکی خودیی تاکە، لەڕێی ئەو هەستەوە، تاک بەرپرسیارێتیی ئاکارە تایبەتەکانی لەئەستۆ دەگرێت و باوەڕی بەوەیە کە دەیکات، گەرموگوڕ و خۆشحاڵە بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی لە ژیاندا، ئامادەی گێڕانی ئەو ڕۆڵانەیە، بێ دودڵی و دواکەوتن، سەبارەت بە ئاکارەکانی، بە هیچ شێوەیەک هەست بە پەشیمانی ناکات. سەبارەت بەو سەرنجانەی بە هۆی نواندنی ئەو ئاکارانەوە ڕوبەڕوی دەبێتەوە، لەنێو خودی خۆیدا هەست بە ئاسودەیی دەکات. هەر لەڕێی ئەو هەستەوە، تاک بەرپرسیارێتیی هەڵوێستەکانی لەئەستۆدەگریت، بێئەوەی هەست بە ململانێ لەگەڵ خودی خۆیدا بکات، بەهۆی هەڵبژاردن و بڕیاردان لەو هەڵوێستانە. کاتێک هەستی بەرپرسیارێتیی تاک لە ئاستێکی باڵادا بو، ئەوا بە هیچ شێوەیەک لە هەڵبژاردندا ناترسێت و دودڵ نابێت، چونکە ئەو ئامادەی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی هەڵبژاردنەکەیەتی، بۆیە بەرپرسیارێتی گوزارشتە لە ئاستی پێگەیشتنی دەرونی ئەو تاکەی بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆ دەگرێت، ئامادەیی تێدایە، ئەو بەشەی بەرژەوەندیی کۆمەڵگە بهێنێتەدی، کە دەکەوێتە ئەستۆی.(الشايب، 2002، ص:19).

## ڕۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە لە دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتیدا:

بێگومان ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەشدارن، ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن لە دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لای گەنجان، چونکە ئەو دامەزراوانە لە پرۆسەی گواستنەوەی کلتور و بەهاکان لە کۆمەڵگەوە بۆ تاکەکان، بەشدارن. لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێك لەو دامەزراوانە بخەینەڕو:

1- قوتابخانە: قوتابخانە خۆی لەو ڕۆڵانە دەبینێتەوە کە پێشکەشی دەکات و ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە هەڵیدەگرێت لەسەر بنەمای پەروەردەکردنی (حمدان، 2018، ص: 80).

2- خێزان: خێزان یەکێکە لەو دامەزراوانەی لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردندا بەشدارە، کە بە یەکێک لە پرۆسە هەرە گرنگەکان دادەنرێت؛ کاریگەریی لەسەر منداڵان بەجێدەهێڵێت لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا، بەهۆی ڕۆڵی بنەڕەتییەوە لە داڕشتن و تێکەڵکردنی کەسایەتییەکانیاندا لە پرۆسەکانی فێربون کە منداڵان لە ڕێگەیانەوە ئەو دابونەریت و کلتور و بەهایانە بەدەستدەهێنن، کە لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا پراکتیزە دەکرێت. خێزان. بۆ پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی جۆراوجۆر دەگێڕێت (عبدالحميد، 2011، ص: 61).

3- تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندنەکان: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتیدا ڕۆڵ دەگێڕن، ئێستا لە ڕێگەی سەکۆکانی سۆشیاڵمیدیاوە خەڵکی هاندەدرێت تا بەرانبەر بە کردە یان بابەتێك ڕای خۆیان بڵێن، یان ئەو بەرپرسیارێتیە جێبەجێ بکەن، کە دەکەوێتە سەرشانیان. ڕاگەیاندن بە ناوبژیوانێکی گرنگ دادەنرێت لە پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە منداڵاندا، بە گەیاندنی ڕوداوە جۆراوجۆرەکان و گەیاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتارە ئەخلاقییەکان (فحجان، 2010، ص: 59-60).

4- گروپی هاوڕێیان: گروپی هاوڕێیان یەکێکە لە سەرچاوەکانی گەشەپێدانی پەروەردەی تاك، کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی یەکدی هەیە. گرنگیی ڕۆڵی ئەم گروپە، لە پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیدا لەوەدایە، کە گروپێکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتار و بەها و پێوەرەکانی تاك هەیە و خەون و هیواکانی خۆی بۆ ئەوان دەگوازێتەوە، لێیان وەردەگرێت و پێیان دەبەخشێت، سۆزیان لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە و هاوکارییان دەکات و زۆرجاریش دەیانگوازێتەوە (دلال، 2022، ص:356).

## ڕەگەزەکانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی:

هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت، هەریەکەیان ئەوی دی تەواو دەکات، ڕەگەزەکانیش بریتین لە:

1- گرنگیپێدان: پەیوەندیی سۆزداریی تاکە بە کۆمەڵگەوە، مکوڕبونی تاکە لەسەر دروستی و یەکڕیزی و بەردەوامی و هێنانەدیی ئامانجەکانی و گرنگیدانە بە کۆمەڵگە. بەشێوەیەکی گشتی گرنگیپێدان چوار ئاستی هەیە، ئەوانیش بیتین لە:

أ- کارلێک لەگەڵ کۆمەڵگەدا: تاک بەشێوەیەکی خۆڕسکانە بارودۆخی هەڵچونی لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەڕێدەکات، بەشێوەیەکی خودکار و بێ هەڵبژاردن، یان مەبەست و دەرکپێکردنێکی خودی.

ب- کارلێک لەگەڵ کۆمەڵەیەک، یان کۆمەڵگە: خۆویستانە ڕودەدات؛ کاتێک کارلێکەکانی تاک لەگەڵ کۆمەڵێکدا زیاد دەکات، هەست بە خودی خۆی دەکات.

ج- یەککگرتنەوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا: هەستکردنی تاکە بە یەککگرتنەوەی تەواو لەگەڵ کۆمەڵگە؛ چاکە و خێری کۆمەڵگە بەخێر و چاکەی خۆی دەزانێت، بەهەمان شێوە زەرەر و زیان و نەهامەتییەکانیشی، بە زەرەر و زیان و نەهامەتیی خۆی دەزانێت.

د- عەقڵ وەرگرتن لە کۆمەڵگەوە: واتە ڕەنگدانەوە و جێگیربونی کۆمەڵگە لە هزر و وێنا عەقڵییەکانی تاکدا، بە تەواوی هێز، یان لاوازییەوە (زهران، 1987، ص:285).

2- تێگەشتن: تێگەیشتنی تاکە لە کۆمەڵگە، هەروەها تێگەیشتنە لە مەبەستی پشت ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانی، ئەمیش دەبێت بە دو بەشەوە:

أ- تێگەیشتنی تاک بۆ کۆمەڵگە: واتە تێگەیشتنی تاک لە ڕابردو، ئێستا و پێوانەکان و ڕۆڵە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا، سەرباری دابونەریت و ئاراستە و بەهاکان، هەروەها ئاستی یەکڕیزی و مامەڵە و وێناکردنی داهاتو تێیدا.

ب- تێگەیشتنی تاک لە گرنگیی کۆمەڵایەتیی ئاکارەکانی: واتە تێگەیشتن لە مەبەست و کاریگەریی ئاکاری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵگە. (مختار، 1996، ص: 26).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp123-133

5- بەشداریکردن: مەبەست لێی بەشداریکردنی تاکە لە ئەنجامدانی کارێک لەگەڵ ئەوانی تردا و لە هێنانەدیی ئامانجەکانیدا هاوکاری کۆمەڵگە بێت.

2-3-3 ڕەهەندەکانی بەرپرسیارێتی:

1- بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە خود (کەسی): واتە پابەندبونی تاک بەو شتانەی لە خۆیەوە دێت و ئەوەی بۆی دیاری کراوە، و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و کاریگەری و دەرئەنجامەکانی ئەو کارە، بەرانبەر بە کۆمەڵگە و وابەستەبون پێوەی (الطنباوي، 2011، ص: 24).

2- بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە گروپ: بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی چەمکێکە، دەرئەنجامی وەڵامەکانی تاک بەرانبەر بە هەوڵی تێگەیشتن و تاووتوێکردنی کێشە گشتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، هاوکاریی کەسانی تر و ڕاوێژکردن لەگەڵیان، ڕێزگرتن لە بۆچونەکانیان، هەوڵدان بۆ پاراستنی ناوبانگی گروپەکە و ڕێزگرتن لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان دەردەبڕێت (علی ، 2018، ص: 42).

3- بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە نیشتمان (کۆمەڵگە): بە ئامانج و ئامرازێک دادەنرێت لە هەمان کاتدا، ئامانجێکە لەوەدا کە ژیانێکی تەندروست و دیموکراسی لەسەر بنەمای بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە بەرپرسیارێتی و بیرکردنەوە و کارکردن بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا (حسن، 2011، ص: 118).

لەکۆی ئەو لێکدانەوانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەستکردن بە بەرپرسیاری، هەستێکی بەدەستهاتووە، خێزان و خزم و کەسوکار و هاوڕێیان و ژینگەی دەوروبەر ڕۆڵی بەرچاو دەبینن تێیدا. ئەم پرۆسەیە لە سەرەتای منداڵییەوە دەستپێدەکات؛ تاک بە چەند قۆناغێک ئەو هەستە بەدەستدەهێنێت. بێگومان پەروەردەی خێزان، ڕۆڵی کاریگەری لەسەر زۆریی هەستکردن، یان هەستنەکردن بە بەرپرسیاری دەبێت، کە لە داهاتوی تاکدا ڕەنگدانەوەی زۆری لەژیان و ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگەدا هەیە.

### 4-2 توێژینەوەکانی پێشوو:

1- توێژینەوەی (الیوسف، 2013) بە ناونیشانی: کارامەیی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی بە دەستکەوتی ئەکادیمی گشتیی هەستپێکراو لە لای نمونەیەک لە خوێندکارانی خوێندنی ناوەندی لە ناوچەی هایل لە شانشینی سعودیە لەژێر ڕۆشنایی کۆمەڵێک گۆڕاودا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان کارامەیی کۆمەڵایەتی و دەستکەوتی ئەکادیمی گشتیی هەستپێکراوە لای نمونەی توێژینەوەکە بەپێی جیاوازیی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، ئاستی ئەکادیمی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی خێزان. نمونەی توێژینەوەکە لە ٢٩٠ خوێندکاری قۆناغی ناوەندی، لە قوتابخانە حکومییەکانی سەر بە ئیدارەی گشتیی پەروەردە لە ناوچەی هایل پێکهاتووە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان کارامەیی کۆمەڵایەتی، خۆکاریی هەستپێکراو و دەستکەوتی ئەکادیمیی گشتی لە نێوان ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەدا هەیە. هەروەها جیاوازییەکی بەرچاو لە کارامەیی کۆمەڵایەتی، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەندیی مێینەکاندا هەبوە، بەپێی ئاستی ئابوری لە بەرژەوەندیی ئەوانەی ئاستی ئابوریيان بەرزە، لە کاتێکدا هیچ جیاوازییەک بەپێی ئاستی ئەکادیمی نەبوە.

2- توێژینەوەی (هیضە، 2017) بە ناونیشانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای خوێندکارانی سەرکەتو و سەرنەکەوتوی قۆناغی ناوەندی لە شاری ئابھا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، دیاریکردنی ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای خوێندکارانی سەرکەوتو و سەرنەکەوتوی قۆناغی ناوەندی لە شاری ئابھایە. توێژەر میتۆدی پەسنیی بەکارهێناوە و نمونەی توێژینەوەکە بریتیبوە لە (20) خوێندکاری سەرکەوتو، (20) خوێندکاری سەرنەکەوتو، لە پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم. پێوەرێك بەکارهێنراوە، کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بۆ کۆکردنەوەی داتا لە نمونەی توێژینەوەکە. ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە جیاوازییەکی ئاماریی بەرچاو لە ئاستی گرنگی (0.01) لە نێوان تێکرای گریمانەکراوی کۆمەڵگا و تێکرای ڕاستەقینەی نمونەکە بە هەستی بەرپرسیارێتی هەیە، لە بەرژەوەندیی نمونەی توێژینەوەکە، کە بە واتای بەرزیی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی دێت لەنێو خوێندکاراندا. هەروەها ئەنجامەکان ئاماژەیان بەوە کردووە لە ڕوی ئامارییەوە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە نێوان خوێندکارانی سەرکەتو و سەرنەکەوتودا نییە.

3- توێژینەوەی (أحمد و ئەوانی تر، 2023) بە ناونیشانی: داخوازیەکانی گەیشتن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی پەیمانگا ناوەندییەکانی ئەزھەر لە پارێزگای (أسیوط)دا.

توێژینەوەکە هەوڵدەدات کۆمەڵێک داخوازی بۆ گەیشتن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەنێو خوێندکارانی پەیمانگا ناوەندییەکانی ئەزھەر پەرەپێبدات. توێژەر میتۆدی پەسنیی بەکارهێناوە و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە مامۆستایان و خوێندکارانی پەیمانگاکانی شاری ئەزھەر بووە. نمونەی توێژینەوەکە (191) مامۆستا و (686) خوێندکار بووە، توێژەر دو پرسیارنامەی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان بەکارهێناوە. توێژینەوەکە بە چەند داخوازیەك بۆ گەیشتن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران گەیشتووە، لەوانە: دروستکردنی کەشێکی متمانە لە نێوان خوێندکاران و خوێندنگاکان، بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی لە ناو پەیمانگاکانی ئەزھەر لە ڕێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی مەنهەجی و دەرەوەی مەنهەج، بۆ پشتیوانی لە بناغەکانی دڵسۆزی و سەر بە نیشتمان و پشتگیریکردن لە خولی هاووڵاتیبون، مێژو، جوگرافیا.

## 3- ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە

### 1-3 میتۆدی توێژینەوە:

سروشتی هەر دیاردە و گرفتێك لە توێژینەوەدا جۆری میتۆدەکە دیاریدەکات، ئەمە وا لە توێژەر دەکات میتۆدی گونجاو بەکاربهێنێت، تا بە ئەنجامی زانستی و گونجاو بگات. (عمر، 1983، ص: 43)، بەو پێیەی ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە و بە شێوازی پەسنی و میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی لە جۆری ڕوپێوی بەنمونە بەکارهێنراوە.

### 2-3 کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، گشت ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی بابەتی کێشەی توێژینەوەکەوە (بوضرغم، 2000 ، ص:69). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە خوێندکارانی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانییە کە ژمارەیان (1992) خوێندکارە، نمونەی ئەم توێژینەوەیە بەشێك لەو کۆمەڵگەیەی کە توێژەر دەستنیشانی کردووە بە مەبەستی توێژینەوە و گەیشتن بە دەرەنجامی توێژینەوەکەی، (العزاوي، 2008، ص :181)، نمونەیەکی ئەگەرییە، بە شێوازێکی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp123-133

هەڕەمەکیی سادە لە کۆمەگەی توێژینەوەکەوە وەرگیراوە، کە بریتییە لە (322) خوێندکار، کە لەسەر بنەمای خشتەی مۆرگان وەرگیراوە (Krejcie, 1970, 608)، لە خشتەی (1) خەسڵەتە گشتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو:

خشتەی (1)

نموونەی توێژینەوەکە

| گۆڕاو | بژاردە | دوبارە | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 219 | 68.0 |
| | مێ | 103 | 32.0 |
| نیشتەجێبون | شار | 149 | 46.3 |
| | شارۆچکە | 158 | 49.1 |
| | گوند | 15 | 4.7 |
| قۆناغ | قۆناغی یەکەم | 89 | 27.6 |
| | قۆناغی دووەم | 40 | 12.4 |
| | قۆناغی سێیەم | 120 | 37.3 |
| | قۆناغی چوارەم | 73 | 22.7 |

وەك لە خشتەی (1) دەردەکەوێت ئەو خوێندکارانەی ڕەگەزیان نێرە زیاترن بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ، هەروەها دانیشتوانی شارۆچکەکان (158) زیاترن لەچاو دانیشتوانی ناوشار، هەروەها زۆرترینی نمونەکە لە قۆناغی سێیەمی زانکۆ دەخوێنن.

### 3-3 ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:

1) توێژەر بۆ پێوانەکردنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران و هەستی بەرپرسیاری، دو پێوەری ئامادەکرد بەسودوەرگرتن لە گەڕان بەدوای سەرچاوە و توێژینەوەکان و گۆڤارەکان و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکەدا و توێژینەوەکانی پێشوتر و خوێندنەوەی چەند توێژینەوەیەکی تر، لەئەنجامدا توێژەر پێوەرەکانی ئامادەکرد کە پێوەری کارامەییەکان لە (23) بڕگە و پێوەری هەستی بەرپرسیارێتی لە (29) بڕگە پێکهاتبوو، هەروەها توێژەر پێوانەکاریی لیکرتی پێنجی بەکارهێناوە کە بریتین لە (تەواو لەگەڵیدام، لەگەڵیدام ، بێ لایەن، لەگەڵیدانیم، (تەواولەگەڵیدانیم) ڕەتی دەکەمەوە)

### 3- 4 ڕاستیی پێوەرەکە:

بۆ دیاریکردنی ڕاستیی ڕواڵەت، توێژەر پێوەری توێژینەوەکەی بە (7) شارەزای بواری دەرونی و پەروەردە نیشان دا، کە لە پاشکۆی (1) ناویان هاتووە، داوایان لێکرا سەرنجی خۆیان سەبارەت بە گونجاویی بڕگە و بژاردەکان بخەنەڕو و هەر گۆڕانکارییەک بە باشی دەزانن پێشنیازی بکەن، دوای وەرگرتنەوەیان، توێژەر بۆی دەرکەوت بە ڕێژەی (93.41%) شارەزایان لەسەر بڕگە جیاوازەکانی پێوەرەکان ڕەزامەند بون، سەرجەم بڕگەکان مانەوە و هیچ بڕگەیەک لانەبراوە.
پاشان پێوەرەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا دابەشکراو لە ماوەی نێوان (2024/3/28-2024/4/15) نمونەکە وەڵامی پێوەرەکانیان دایەوە. پاش ئەوەی توێژەر ئەو فۆڕمانەی دورخستەوە کە نوێنەرایەتیی وەڵامی توێژینەوەکەیان نەدەکرد، یان تەواو وەڵام نەدراوبونەوە، فۆرمەکان کرانە داتای کۆمپیوتەری و بەجۆرێك وەك لە خشتەی (2) هاتووە بژاردەکان بەهایان وەرگرت.

خشتەی (2)

بەهای بژاردەکانی توێژینەوەکە

| بڕگە | تەواو لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بێ لایەن | لەگەڵیدانیم | ڕەتی دەکەمەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەرێنی | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
| نەرێنی | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |

### 5-3 جێگیریی پێوەر: (ثبات المقياس) (Scale Reliability)

جێگیری، بە یەکێك لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئامرازی توێژینەوە دادەنرێت. بۆ دڵنیابونەوە لە دروستیی وەڵامەکانی نمونەکە، پشت بە هاوکۆلکەی (ئەلفای کرۆنباخ) بەسترا، لە ئەنجامدا دەرکەوت بڕگەکانی پێوەری کارامەیی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی جێگیردایە بە بەهای (0.919) و بەهای ئەلفای کرۆنباخی هەستی بەرپرسیارێتی نیشانی دەدات کە بڕگەکانی لە ئاستێکی جێگیردایە بە بەهای (0.95) وەك لە خشتەی (3) خراوەتە ڕوو:

خشتەی ( 3)

خستنەڕوی ئەنجامی جێگیریی پێوەرەکە

| ژمارەی بڕگە | پێوەر | بەهای ئەلفای کرۆنباخ |
|---|---|---|
| 23 | کارامەیی کۆمەڵایەتی | 0.919 |
| 29 | هەستی بەرپرسیاری | 0.95 |

### 6-3 هاوکێشە ئامارییەکان:

توێژەر بۆ شیکارکردنی داتاکان سودی لە دەستەوارەی ئاماری (SPSS) وەرگرتوە؛ بۆ سەلماندنی بەهای بەڵگەداری، بە ستانداردی (0.05)، بەراورد کراوە.

## 4- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1-4 توێژەر ئەو ئەنجامەی کە لە نمونەکەوە بەدەستیهێنا بۆ وەڵامدانەوەی ئامانجەکانی توێژینەوە بەکاریهێنان، ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە:
ئامانجی یەکەم: - پێوانەکردنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان و هەستی بەرپرسیاریی خوێندکارانی زانکۆ:
لە خشتەی (4)دا بەها ئامارییەکان دەریدەخەن کە پێوانەکردنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان بەهای ئاماری هەیە بەو پێیەی نرخی (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەها (T)ی خشتەیی بە بەهای بەڵگەداری (0.000)، هەروەها بەو پێیەی کە جیاوازیی ناوەندە ژمێرەیی نێوان ناوەندی ژمێرەیی پێوەرکە و ناوەندی گریمانەکراو دەکاتە (14.71) کە بەهایەکی پۆزەتیفە، کەواتە کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکاران لەئاستێکی باشدایە.

خشتەی (4)

کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان لای نمونەکە

| ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ناوەندی گریمانەکراو | جیاوازیی ناوەندەکان | نمرەی ئازادی | بەهای (T) | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 83.71 | 12.77 | 69 | 14.71 | 321 | 20.673 | 1.967 | 0.000 |

بەهەمان شێوە خشتەی (5) دەریدەخات کە پێوانەی هەستی بەرپرسیارێتی لە لای خوێندکارانی زانکۆ بەڵگەدارە، لەبەرئەوەی جیاوازی ناوەندەکانیش لە بارێکی بەرز و پۆزەتیڤدایە، کەواتە هەستی بەرپرسیارێتی لە ئاستێکی ئەرێنی دایە.

خشتەی (5)

هەستی بەرپرسیارێتی لای نمونەکە

| ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ناوەندی گریمانەکراو | جیاوازی ناوەندەکان | پلەی ئازادی | بەهای (T) هەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 113.40 | 17.64 | 87 | 26.40 | 321 | 26.854 | 1.967 | 0.000 |

ئامانجی دووەم: زانینی ئاماژەی ئاماری سەبارەت بە ئاستی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە لای خوێندکارانی زانکۆ، بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبون، قۆناغ.
سەبارەت بە ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە، ئاماژەی ئاماری دەریدەخات کە لە ئاستی کارامەییە کۆمەڵایەتەکان لای خوێندکاران جیاوازی هەیە، چونکە بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) ی خشتەیی بە بەهای بەڵگەداری (0.013)، لەبەرژەوەندیی ڕەگەزی نێر، بەو پێیەی ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر گەورەترە، دەکرێت هۆکاری ئەم جیاوازییە، ئەو جیاکارییەی کلتور و نەریتی کۆمەڵگە بێت، بەوەی کە ڕەگەزی نێر بواری زیاتر بۆ دەڕەخسێت کە بتوانێت کارامەییەکانی خۆی دەربخات بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، وەك لە خشتەی (6)دا خراوەتەڕو.

خشتەی (6)

کارامەیی کۆمەڵایەتی بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | دووبارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | پلەی ئازادی | بەهای (T) هەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 219 | 84.92 | 9.31 | 320 | 2.485 | 1.967 | 0.013 |
| مێ | 103 | 81.16 | 17.85 | | | | |

سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبون بەپێی هاوکۆلکەی (one-way- ANOVA) دەریدەخات کە جیاوازیی ئاماری لە کارامەیی کۆمەڵایەتیی خوێندکاراندا هەیە، بەو پێیەی (F)ی بەدەستهاتو گەورەترە لە بەهای (F) خشتەیی بە بەهای بەڵگەداری (0.000)، وەك لە خشتەی (7) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (7)

کارامەیی کۆمەڵایەتی بەپێی شوێنی نیشتەجێبون

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | پلەی ئازادی | دووجای ناوەند | F | خشتەیی (F) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکاندا | 7006.674 | 2 | 3503.337 | | | |
| لەناو گروپەکاندا | 45359.040 | 319 | 142.191 | 24.638 | 3.024 | 0.000 |
| گشتی | 52365.714 | 321 | | | | |

بەو پێیەی هاوکۆلکەی (one-way- ANOVA) پێمان ناڵێت جیاوازییەکە لە نێوان کام ناوچەی نیشتەجێبونە، بۆ زانینی ئەم مەبەستە پشت بە جیاوازیی فرەیی (LSD) بەستراوە، وەك لە خشتەی (8) دا دەردەکەوێت، چەقی جیاوازییەکە دەکەوێتە نێوان شارۆچکە و گوند لەگەڵ شار، کەواتە کارامەیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی نیشتەجێبوی ناو شارەکان کەمترە بە بەراورد بەوانەی لەدەرەوەی شارەکانن بەو پێیەی ناوەندی ژمێرەیی گوند و شارۆچکە لە ناوەندی ژمێرەیی گشتی گەورەترە، کە دەکرێت یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم جیاوازییە، بەهێزیی لایەنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان بێت لە ناو گوند و شارۆچکەکاندا، دەرفەتی داوەتە تاکەکان کە کارامەیی کۆمەڵایەتییان زیاتر بێت.

خشتەی (8)

جیاوازیی شوێنی نیشتەجێبون

| گۆڕاوەکان | | ناوەندە ژمێرەیی | جیاوازیی ناوەندی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| شار | شارۆچکە | 87.96 | -9.27* | 0.001 |
| گوند | شار | 78.69 | 10.10* | 0.002 |
| | شارۆچکە | 87.96 | 0.83 | 0.796 |
| | گوند | 88.8 | | |
| گشتی | | 83.71 | | |

سەبارەت بە قۆناغەکانی خوێندن، خشتەی (9) دەریدەخات کە جیاوازی لە کارامەیی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ بەپێی قۆناغەکانی خوێندن هەیە، بەو پێیەی (F)ی بەدەستهاتو گەورەترە لە (F) بەدەستهاتو بە بەهای بەڵگەداری (0.000).

خشتەی (9)

کارامەیی کۆمەڵایەتی بەپێی قۆناغی خوێندن

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | پلەی ئازادی | دووجای ناوەند | F | خشتەیی (F) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوانی گروپەکاندا | 4562.703 | 3 | 1520.901 | 10.117 | 2.633 | 0.000 |
| لەناو گروپەکاندا | 47803.012 | 318 | 150.324 | | | |
| گشتی | 52365.714 | 321 | | | | |

بەڵام بەپێی هاوکۆلکەی جیاوازیی فرەیی (LSD)، دەردەکەوێت کە کارامەیی کۆمەڵایەتی بەپێی قۆناغەکانی خوێندن جیاوازە و بە تێڕوانین لە ناوەندە ژمێرەییەکانیان دەردەکەوێت کە کارامەیی کۆمەڵایەتیی قۆناغەکانی سێیەم و چوارەم لە ناوەندە ژمێرەیی قۆناغەکانی یەکەم و دووەم بەرزترە، کەواتە جیاوازیی قۆناغەکان بە بەرزبونەوەی قۆناغەکانی خوێندن زیاددەکات، ئەم ئەنجامە تاڕادەیەك چاوەڕوانکراوە، چونکە چاوەڕێدەکرێت کە بە زیادبونی ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیریی خوێندکاران، کارامەییەکانیشان زیاد بکات، وەك لە خشتەی (10) دەردەکەوێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp123-133

خشتەی (10)

جیاوازیی قۆناغەکانی خوێندن

| گۆڕاوەکان | | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازیی ناوەندەی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| قۆناغی یەکەم | قۆناغی یەك | 84.87 | -- | -- |
| | قۆناغی دووەم | 75.45 | 9.42640* | 0.000 |
| | قۆناغی سێیەم | 82.75 | 2.11807 | 0.218 |
| | قۆناغی چوارەم | 88.39 | -3.52086 | 0.070 |
| قۆناغی دووەم | قۆناغی سێیەم | -- | -7.30833* | 0.001 |
| | قۆناغی چوارەم | -- | -12.94726* | 0.000 |
| قۆناغی سێیەم | قۆناغی چوارەم | -- | -5.63893* | 0.002 |
| گشتی | 83.71 | | | |

ئامانجی سێیەم: زانینی ئاماژەی ئاماری سەبارەت بە ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای خوێندکارانی زانکۆ، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبون، قۆناغ.

بەهەمان شێوەی کارامەیی کۆمەڵایەتی کە لەسەرەوە خراوەتە ڕوو، خشتەی (11) ئەوە دەردەخات کە جیاوازیی ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی نێر هەیە، کەواتە کارامەیی کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی لای ڕەگەزی نێر، بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ زیاترە.

خشتەی (11)

هەستی بەرپرسیارێتی بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | دووبارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای (T) هەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 219 | 117.14 | 9.60 | 320 | 5.824 | 1.967 | 0.000 |
| مێ | 103 | 105.45 | 26.24 | | | | |

لە خشتەی (12) بەپێی هاوکۆلکەی (one-way- ANOVA) دەردەکەوێت کە جیاوازی لە هەستی بەرپرسیارێتی لای نمونەکە بە بەهای بەڵگەداری (0.000)، هەیە

خشتەی (12)

هەستی بەرپرسیارێتی بەپێی شوێنی نیشتەجێبون

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازادی | دووجای ناوەند | F | (F)خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوانی گروپەکاندا | 13709.688 | 2 | 6854.844 | 25.376 | 3.024 | 0.000 |
| لەناو گروپەکاندا | 86171.430 | 319 | 270.130 | | | |
| گشتی | 99881.118 | 321 | | | | |

هەروەها بەپێی هاوکۆلکەی جیاوازیی فرەیی (LSD) دەردەکەوێت کە جیاوازی بەپێی شوێنی نیشتەجێبون دەکەوێتە نێوان شارۆچکە و گوند لەگەڵ شار، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو خوێندکارانەی لە ناوشارەکان نیشتەجێن، لە هەستی بەرپرسیارێتیان بە بەراورد بەوانەی لە دەرەوەی شارەکان نیشتەجێن جیاوازن، چونکە ناوەندە ژمێرەیی ئەوانەی لەشار نیشتەجێن نزمترە لە ناوەندی ژمێرەیی گشتی، بەڵام هی شارۆچکە و گوند بەرزترە، وەك لە خشتەی (13) خراوەتەڕو.

خشتەی (13)

جیاوازیی بەپێی شوێنی نیشتەجێبون

| گۆڕاوەکان | | ناوەندە ژمێرەیی | جیاوازیی ناوەندەی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| شار | گوند | 118.66 | -12.29* | 0.006 |
| شارۆچکە | شار | 106.36 | -13.15* | 0.000 |
| گوند | شارۆچکە | 119.52 | -0.86 | 0.847 |
| | گشتی | 113.39 | | |

سەبارەت بە قۆناغەکانی خوێندن و هەستی بەرپرسیارێتی، خشتەی (14) ئەوەدەخاتەڕو کە هەستی بەرپرسیارێتی بەپێی قۆناغەکانی خوێندن، جیاواز نییە.

خشتەی (14)

هەستی بەرپرسیارێتی بەپێی قۆناغەکانی خوێندن

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | دووجای ناوەند | F | (F)خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوانی گروپەکاندا | 293.730 | 3 | 97.910 | 0.313 | 2.633 | 0.816 |
| لەناو گروپەکاندا | 99587.388 | 318 | 313.168 | | | |
| گشتی | 99881.118 | 321 | | | | |

ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی کاریگەریی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەستی بەرپرسیارێتی لای خوێندکارانی زانکۆ.

بەپێی هاوکۆلکەی ڕیگریەشن (Regression) دەردەکەوێت، کارامەیی کۆمەڵایەتی کاریگەریی لەسەر هەستی بەرپرسیارێتی هەیە، چونکە بەهای (F) بەڵگەدارە بە بەهای (0.000)، لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (T) کارامەییەکان بچووکترە لە ئاستی بەڵگەداری، کەواتە پەیوەستی لە نێوان کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان و هەستی بەرپرسیارێتی هەیە، بەمەش دەردەکەوێت، کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێژەی (68%) بەشداری لە دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لای خوێندکارانی زانکۆ دەکات، ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی بەهێزیان لە بونیادنانی هەستی بەرپرسیارێتیدا هەیە، وەك لە خشتەی (15) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (15)

ئاستی کاریگەریی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەستی بەرپرسیارێتی

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | بەهای (R) | بەهای ($^2$R) | بەهای (F) | بەڵگەداری (F) | بیتا (B) | بەهای (T) | بەڵگەداری (T) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارامەیی کۆمەڵایەتی | هەستی بەرپرسیارێتی | .822 | 0.68 | 667.842 | .000 | 0.822 | 6.129 | 0.000 |

**2-4 دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:**

1-کارامەیی کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی لەلای خوێندکاران لە باریکی ئەرێنیدایە.

2-کارامەیی کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی لە لای ڕەگەزی نێر، بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ زیاترە.

3-کارامەیی کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی لەلای ئەوانەی لە شارەکان نیشتەجێن زیاترە، وەك لەو خوێندکارانەی لە شارۆچکەکان یان لە گوندەکان نیشتەجێن.

4- بە بەرزبونەوەی قۆناغەکانی خوێندن کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان زیاد دەکەن، بەڵام هەستی بەرپرسیارێتی ناگۆڕێت.

5-کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر هەستی بەرپرسیارێتی لە لای خوێندکارانی زانکۆ هەیە.

**3-4 پێشنیازەکان:**

1- برەودان بە کارامەییەکانی خوێندکاران لە ڕێگەی کردنەوەی کۆرس و سیمینارەوە.

2-گرنگیدان بە بەرزکردنەوەی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان.

3- زیادکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لای خوێندکاران بەرانبەر بە نیشتمان و دامەزراوەکانی میری.

4- بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی گەنجان و خوێندکاران، تا لە ڕێگەیەوە بتوانرێت هەستی بەرپرسیارێتییان بەرزبکرێتەوە.

5-گرنگیدان بە کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە.

**4-4 ڕاسپاردەکان:**

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك دەربارەی کارامەیی خوێندکار و پەیوەندیی بەشوناسەوە لای گەنجان.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەك لەسەر هەستی بەرپرسیارێتی و گونجانی کۆمەڵایەتی لە لای خوێندکاران.

3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

## سەرچاوەکان:


أحمد، خالد شاكر، محمد، مصطفى، علي، محمد يحيي. (2023). متطلبات تحقيق المسئولية الاجتماعية لدى طلاب المعاهد الثانوية الأزهرية بمحافظة أسيوط .مجلة كلية التربية (أسيوط) ,(10.2)39 , 33-52.

أحمد، عزة مرسي (2005) مهارات الاتصال والسلوك الاجتماعي لدى التلاميذ المعاقين عقليا، مجلة دراسات عربية في علم النفس، العدد (1)، المجلد الرابع.

الانصارى، سامية لطفى و مرسي، عبدالمنعم (2007) الأفكار اللاعقلانية وعلاقتها بالسلوك العدواني في ضوء بعض اساليب المعاملة الوالدية في مرحلة الطفولة المتأخرة (دراسات الطفولة)، مصر ، جامعة عين الشمس، مجلد (10) عدد(26) 25-61.

بوضرغم، صابر، (2000): خطوات البحث الاجتماعي، دار الافاق الجديدة، بيروت.

حسن، بركات حمزة. (2011). علم النفس السياسي، القاهرة: الدار الدولية للاستثمارات الثقافية.

حمدان، اعتماد عبدالرحيم (2018) دور المدرسة الابتدائية فى التنمية المسؤلية من وجهة نظر المعلمات بمدينة جدة دراسة ميدانية، مجلة البحث العلمى فى التربية، عدد(9).

خليفة، عباللطيف محمد، 1992، ارتقاء القيم دراسة نفسية، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت.

دلال، سويلم الرشيدي. (2022). تنمية الشعور بالمسئولية الاجتماعية لدي أطفال المجتمع تصور مقترح لدور بعض المؤسسات التربوية. مجلة كلية التربية. بنها, 33(130), 337-362.

زهران، حامد عبدالسلام. (1987) علم النفس الاجتماعي، القاهرة: عالم الكتب.

الشايب، ممتاز (2002)، المسئولية الاجتماعية وعلاقتها بتنظيم الوقت، مجلة جامعة دمشق للعلوم التربوية.

شفيق، محمد، 1997، الإنسان والمجتمع، مقدمة في السلوك الإنساني، مهارات القيادة والتعامل، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، مصر.

الطنباوي، فاطمة أحمد محي الدين. (2011). تصور مقترح لاستخدام تكنيكات خدمة الجماعة في تنمية المسئولية الاجتماعية لدى شباب الجامعات في المجتمع الافتراضي، مجلة دراسات في الخدمة الاجتماعية والعلوم الإنسانية، جامعة حلوان، ج (15)، ع(31) ،

عبدالحميد، أزهار صلاح (2011) التفكير الأخلاقى بالمسؤلية الاجتماعى فى ضوء بعض المتغيرات الكاديمية لدى عينة من طالبان جامعة ام القري بمدينة مكة، رسالة ماجستير (غير المنشورة) كلية التربية، جامعة أم القري، مكة.

العزاوي، رحيم يونس كرو. (2008). منهج البحث العلمي، دار دجل، المملكة الاردنية الهاشمية.

علاء الدين، جهاد، (1987)، اثر مستوى التحصيل، موقع الضبط والتخصص على الشعور بالعزلة لدى طالبات المنازل الداخلية بالجامعة الأردنية، رسالة ماجستير(غير المنشورة)، عمان، الأردن.

علي، جاد الحق. (2018). تنمية القيم الدينية لدى الشباب الجامعي، مجلة الحرس الوطني، مجلة شهرية تصدرها رئاسة الحرس الوطني السعودي، ع(105) .

عمر، خالد. (1983). الوضعية والتحليل فى البحث الاجتماعي، ط1، دار الافاق الجديدة، بيروت.

فحجان، سامي خليل (2010) التوافق المهنى و المسؤليه الأجتماعية وعلاقتة بمرونة الأنا لدي معلمى التربية الخاصة، رسالة ماحستير (غير منشورة) الجامعة الاسلامية غزة.

فرج، طريف شوقى ، (2003)، المهارات الاجتماعية والاتصالية، دراسات وبحوث نفسية، القاهرة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع.

قاسم، سالي صلاح عنتر، (2005)، فاعلية برنامج لتدريب المهارات الاجتماعية في خفض الخجل لدى طلاب كلية التربية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية بالإسماعيلية، جامعة قناة السويس.

قدومي، مروان، (1996)، أزمة القيم في العالم العربي، الدوحة، عدد (116).

الكناني، ممدوح عبدالمنعم، 1992، سيكولوجية التعلم وأنماط التعليم وتطبيقاتها النفسية والتربوية،مكتبة الفلاح الكويت. ص403.

مختار حميده امام. (1996)، المسؤوليه الاجتماعيه، لدى طلاب شعبه التاريخ بكليه التربيه، مجله دراسات فى التعليم الجامعى، المجلد الأول، العدد الرابع.

مصطفى، فهيم ، (2005)، الطفل والمهارات الحياتية في رياض الأطفال والمدرسة الابتدائية، القاهرة: دار الفكر العربي.

معوض، خليل مخائيل، (2001)، علم النفس العام، مركز الإسكندرية للتوزيف، الإسكندرية.

مونى، عبداللطيف، (2007)، فاقلية برنامج تدريبي مقترح في المهارات الاجتماعية على تنمية مهارة المبادأة لدى اطفال ما قبل المدرسة، مجلة العلوم التربوية والنفسية، 8، (2)، 141-165.

هيضه,علي سعيد عبدالله. (2017). الشعور بالمسؤولية لدى طلاب المرحلة الثانوية المتفوقين وغير المتفوقين دراسياً في مدينة أبها. مجلة البحث العلمى فى التربية، كلية البنات، جامعة عين الشمس, 18(الجزء الأول), 231-246.

وحيد، احمد، (2001)، علم النفس الاجتماعي، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، بغداد، العراق.

اليوسف، رامي محمود صالح (2013) المهارات الاجتماعية وعلاقتها بالكفاءة الذاتية المدركة و التحصيل الدراسي العام لدى عينة من طلبة المرحلة المتوسطة في منطقة حائل بالمملكة العربية السعودية في ضوء عدد من المتغيرات، مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات التربوية والنفسية. مج. 21، ع. 1، ج. 1.

Ahmed, O. A., & Abdulla, A. M. N. (2020). Gender Awareness against the Work of Women by University Teacher. Halabja University Journal, 5(2), 278-291.

Baban, A. A. H., & Abdallah, A. M. N. (2019). The Role of Family Problems in the performance of the Work of Employees in Government Institutions. Journal of University of Raparin, 6(1), 423-450.

Spencer, Susan H.(1991):Developments in the Assessment Of social and social competence in children behavior change.Vol.8,No.(4),p.148-155.

Riggio, R (1990). Verbal and Nonverbal cues as Mediators of Ability to Deceive and Detect Description. Journal of Nonverbal Behavior, Pp 126-145.

Krejcie, R. V., & Morgan, D. W. (1970). Determining Sample Size for Research Activities. Educational and Psychological Measurement, 30(3), 607-610. https://doi.org/10.1177/001316447003000308


## پاشکۆکان

پاشکۆی (1)

ناوی ئەو پسپۆڕانەی پێوەرەکانیان هەڵسەنگاندووە

| ناوی پسپۆڕ | شوێنی کار | ڕەزامەند | ڕەزامەند نیم | تێبینی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| پ.د. ئارام ابراهيم محمد | ز. صلاحالدین/ بەشی کۆمەڵناسی | 50 | 1 | 1 | 96.15 |
| پ.ی.د. کاوە حسین محمد | ز. سلێمانی/ بەشی کۆمەڵناسی | 49 | 1 | 2 | 94.23 |
| پ.ی.د. عادل محمد نوری | ز. سلێمانی/ بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان | 45 | 4 | 3 | 86.54 |
| د. سەنگەر هاوار محمد | ز. سلێمانی/ بەشی کۆمەڵناسی | 48 | 2 | 2 | 92.31 |
| د. عمر عبدالله علی | ز. سلێمانی/ بەشی کۆمەڵناسی | 49 | 3 | 0 | 94.23 |
| د. عوسمان أبراهيم محمد | ز. ڕاپەڕین/ کۆلێجی پەروەردە | 48 | 3 | 1 | 92.31 |
| د. هیوا أحمد عزيز | ز. ڕاپەڕین/ کۆلێجی پەروەردە | 51 | 0 | 1 | 98.08 |
| ڕێژە | | | | | 653.85 |
| ڕێژەی ڕاستی | ڕێژە/ژ.پسپۆڕ | 93.41% | | | |

پاشکۆی (2) پێوەری پەسەندکراوی توێژینەوەکە

تەوەری یەکەم: پێوەری پێوانەکردنی بەرپرسیارێتی

| ژ | بڕگەکان |
|---|---|
| 1. | دەتوانم بە هێمنی ڕووبەڕووی کێشە ببمەوە. |
| 2. | من پەیڕەوی لە ڕێسا و یاساکان دەکەم و سنورەکانی خۆم تێناپەڕێنم. |
| 3. | توانای چارەسەرکردنی ناکۆکی و ئاشتبونەوەم لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە. |
| 4. | من بە ئامادەییەوە ڕەخنەی کەسانی تر قبوڵ دەکەم |
| 5. | گاڵتەکردنەکان پشتگوێ دەخەم و بە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا دەکەم. |
| 6. | لە بارودۆخی جۆراوجۆردا هاوکاری کەسانی تر دەکەم. |
| 7. | من لە کاتی تووڕەبوندا کۆنترۆڵی هەستەکانم دەکەم |
| 8. | من پشت بە خۆم دەبەستم بۆ تەواوکردنی ئەو کار و ئەرکانەی کە لێم دەخوازرێت. |
| 9. | هەوڵدەدەم شارەزا بم لەو کارەی کە دەیکەم. |
| 10. | پابەندی ئەو ڕێنمایی و ڕێنماییانە دەبم کە پێم دراوە. |
| 11. | پەیڕەوی لە ڕێسا و یاساکان بکە. |
| 12. | بە باشی سود لە کاتەکانت وەربگرە. |
| 13. | وەڵامی ڕەخنەکان بە شێوەیەکی گونجاو دەدەمەوە |
| 14. | دەتوانم ئەرکە پێویستەکان تەواو بکەم |
| 15. | من حەزم لە چالاکییە وەرزشییەکان نییە |
| 16. | لە کاتی خۆیدا دەچمە قوتابخانە و هەموو ئامرازەکانم لەبەردەستە |
| 17. | دەست بە گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی تر بکە. |
| 18. | لە کاتی پێویستدا یارمەتیی خۆم پێشکەش بە هاوڕێکانم دەکەم. |

| | |
|---|---|
| 19. | دەتوانم ئەرکە پێویستەکان بە ئەنجام بگەیەنم بەبێ ئەوەی پشت بە کەسانی تر ببەستم. |
| 20. | هاوڕێکانم بانگهێشت دەکەم کە لەگەڵم بن لە کاتی بۆنەکاندا |
| 21. | من لەلایەن هاوڕێکانمەوە خۆشەویستم. |
| 22. | لە بارودۆخی جۆراوجۆردا هاوکاریی کەسانی تر دەکەم. |
| 23. | من کارامەیی و توانایەکم هەیە کە وا لە هاوڕێکانم دەکات سەرسام بن و پێکەوە هاوبەشیان دەکەین. |

تەوەری دووەم: پێوەری پێوانەکردنی بەرپرسیارێتی

| ژ | بڕگەکان |
|---|---|
| 24. | من بە گشتی بەرپرسیارێتی دەگرمە ئەستۆ. |
| 25. | پارێزگاری لەو شتانە دەکەم کە بەکاریان دەهێنم. |
| 26. | خۆم لە نەخۆشی دەپارێزم. |
| 27. | هەوڵدەدەم لە خەرجییەکانی ڕۆژانەم پاشەکەوت بکەم. |
| 28. | هەوڵدەدەم کاتەکانم ڕێکبخەم. |
| 29. | هەوڵدەدەم بەبێ دواکەوتن ئەرکەکانی زانکۆم تەواو بکەم. |
| 30. | هەست بە پەشیمانی دەکەم ئەگەر لە خوێندنەکەمدا دوابکەوم. |
| 31. | کاتێک هەڵەیەکم کرد داوای لێبوردن بکە. |
| 32. | من بۆ ئەنجامدانی کارەکانم پشت بە کەسانی تر دەبەستم. |
| 33. | زۆر بە پەرۆشم بەرانبەر بەو کارانەی پێمدەسپێردرێت. |
| 34. | من بە پلەی یەکەم بەرپرسیارم لە سەرکەوتن یان شکستەکەم. |
| 35. | من خەرجییەکانم بە بەرپرسیارانە خەرج دەکەم. |
| 36. | خۆم دەپارێزم لە توشبون بە هەڵەی ڕەفتاری . |
| 37. | من ڕۆڵم هەیە لە بڕیاردان لەناو خێزانەکەمدا. |
| 38. | هەوڵ دەدەم لە هەمو شتێک دوور بمەوە کە یاسا پێشێل دەکات. |
| 39. | بەرگری لە کوردستان دەکەم. |
| 40. | من دەستپێشخەری دەکەم بۆ یارمەتیدانی کەسانی تر تا دەتوانم. |
| 41. | زۆرێک لە بەرپرسیارێتییەکانی خێزانەکەم هەڵدەگرم. |
| 42. | دڵنیابە لە ئاگادارکردنەوەی لایەنە بەرپرسیارەکان کاتێک ڕووداوێک دەبینیت. |
| 43. | زۆر بەباشی خزمەتگوزاریە حکومیەکانی (ئاو، کارەبا) بەکار دەهێنم. |
| 44. | من بەشدارنیم لە پیسکردنی ژینگە |
| 45. | پێش ئەوەی داوای مافی شەخسی خۆم بکەم، بارودۆخی دارایی خێزانەکەم لەبەرچاو دەگرم. |
| 46. | پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەمدا دەپارێزم. |
| 47. | بیر لە کێشەکانی خێزانەکەم دەکەمەوە. |
| 48. | پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم هەیە. |
| 49. | حەز بەسەرکەوتنی وڵاتەکەم دەکەم |
| 50. | خێزانەکەم پشت بە من دەبەستێت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانمان. |
| 51. | من تەماحم هەیە بۆ پەرەپێدانی وڵاتەکەم. |
| 52. | کەسانی تر من بە بەرپرسیار و متمانەپێکراو دەزانن. |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp123-133